

چیرۆک

سەلام مەنمی

# تارمایی

١

کز و مات و وەڕس و داماو و هێڕ و بێوره و ڕواڵەت تەپیو، داڵگۆشت سەر لێشێواو و دەتگوت مەڕە و نەخۆشی سەگبای گرتووە و بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە. خزابووە قاوغەکەی خۆی و لەگەڵ تەمومژ و تارماییدا گوڕێ گوڕێی بوو، دەتگوت سای مەل لێی داوە و سەگ مککی لێ دایە دەکەوت، دوومەڵێک بوو لە جێی سەختا ڕووابوو وەک چاو گلی دەکرد، دەردی بێ دەرمان لوولاقەکانی تەقەیان دەهات، دەتگوت کەمتیارە و شەو ڕێ دەکات.. مێشەکزێی بوو، مێشی لە خۆی بۆ دەرنەدەکرا، چاوەکانی لارو خوارو بێتین لە تەرازووی بەنبڕاو دەچوون، پرخەپرخەکەی بێ ئامان دەتگوت پارێنە و جن باری کردووە و ئەڵهای ڕووناکی بوو.. ئەو ئاسیاوە زمهەڕە بوو ئاتاجی بیراز و ئاو و دانەوێڵە بوو.. پێداڵی لەسەر گونلەسکی و گەمژەیی و ڕژدی دادەگرت، زێیی لە زەمانە بڕیبوو، لە ناو خەڵک و خوادا پێیان دەگوت: [تارمایی ئامێز] بەرەبەرە وای لێ هات تەشی لەبەر گونان دەڕست، باری یەکجار لێژ و دڕک و داڵ بوو، هات بۆ شاخ گوێی نایە بانی و وزەی گۆڕی دەکرد و کەری لێ بووبوو بە ڕم و زن.

٢

جاران گونی گۆیژەی دەکێلا و تەقلەکەی بە لووتکەی چیای بێژنگ بەسەرەوە شیرینێ خانمی دەگوت گوللەی بەزەردەواڵە و سێبەری خۆیەوە دەنا و گاجووتی بە کونەبانا سەردەخست.. وەرزەکانی دەخەڵتان و چەواشەی دەکردن لووتی کەشکەلانی فەلەکی سێگاسنە دەکرد، ئاسمانی بە چاتۆڵ دەزانی و خەرمانی هاشووهووشی بە ڕەشەبا نەبووایە شەن نەدەکرا و تەنیا خۆر و هاوڕێی شەیتان بوو. مارو و مێروو دڕندە و گورگی باراندیدە و لافاو تەشییان لەبەر دەڕست، دنیا هەر چۆنێ بووایە ئەو لەسەر تاس و حەمامی خۆی بوو. تەڵەی بە قوون دەتەقان، ئەوەی بە تەواوی لێی وردبوایەتەوە زاڵەتەرەک دەبوو، دیزەی چەور بوو ئاوی نەدەگرتە خۆی و ڕێوی سەر شارە مێرووله جۆی بە دیواردا هەڵدەگێڕا و بازەڵەی تەواوی خوێندبوو. لەگەڵ مارەکان بۆ لای شای ماران دەچوو.. چەندەها چیرۆکی لێ وەردەگرت.. خێڵی مار لە زیادبوونا بوون و وەک کوللەزەرد زەوییان داپۆشی و گەرایان خست و جادووی فرە چەشنیان بڵاو کردەوە و بوونە تارمایی و کون و قوژبنیان لە پرسیار و نیشانەی سەرسوڕمان تەژی کرد و گوێ بە زەنگی ڕووداوەکان بوون.

٣

فەڕو هات و شەماڵ و ڕووناکی لە جێگەی لاپرە سەنی و کۆڵبەکۆڵ و سک هەڵگوشین و چەقی نەحلەت دانیشتن خەڵکی ئەم قەڵەمڕەوە دەیانگوت: سەد بریا زووتر گەڕوگول و هاوڕێی مێش و مێشەسەگانە بووایە بۆ ئەوەی نهێنییەکانی لەبان لەپ

بوونایە و پێناسـەی خـۆی و هاوڕێکانی دەربکەوتنایە و شـایەتی پـاشـەڕۆژ بوونـایە، ڕۆژیش لە ئاستیان تاریکی ئامێزە و حەپەی پێ نەماوە و حەپەساوە، یەکەیەکەی ئەو دەڤەرە پێیان دەگوت: تارمی پۆش و خۆپەرست و سەرەخۆر ئەم پەندەیش وێردی سـەر زمانی خـۆی بوو: «تازە خوا لە کـاری خـۆی بووەتەوە و ئێسـتـایش هەر گورگـەکـەی جـارانە، بەڵام کەڵبـە و کـەپووی شکاوە بۆ پاکۆدان و چاڵە مشتە گوێبەزەگە و بە کێرەکەی جاران میز دەکات، بەڵام نەیخوات تاڵە.

٤

هەتا بـوو دەمی باشـتـر لە گـرێژەنە دەچوو، دەمـوچاوی دەگـۆڕا سـوور و ڕەش سپی و بەڵەک دادەگەڕان قسەی هەڵەج و بەڵەجی گەورەی فرێ دەدا و هەردیان بەسەر بەردیانەوە نەبوو، متمانە باری کرد...، نیزای شەڕی بەسـەردا دەباری بۆ ئەوەی لە گل بکەوێت و دەیانگوت: کەی ئەم مۆتەکە قیرسـیـچـمـەمان لە کۆڵ دەبێتـەوە، بێزاری کردووین چەرخی لە چەرمە کێشاون و بەڕاستی – تەریدە –ی ڕۆژگارە. ورگی بە کۆڵیا داوە و پێداداڵی لەسەر بێ ئەمەکی لێ داوە و هەمیشە دەمەداڵانێیەتی مڵ و مووش کوێری کردووە.. خەڵکەکە لەوە دەترسـان لەگەڵیـان بچێتـە گـۆڕەوە و گوڕێ گـوڕێی لەگەڵ بکەن، ئەوە سـەیرە خـۆی بە برابەشی ئەم خاکە لە قەڵەم دەدا سوریش دەیزانێ کێ بەردی بنچینەی داناوە. ئەو گورگـەیە هەموو ساڵێک دەتەرەکێ و چەندەها نیشانەی پرسیار و سەرسوڕمان لە ملەجەڕێدابوون بەڵام ببن بە ئاگریش کوێ دەسووتێنن! ئەوە نەما لرفی لێ دەن.

٥

نزیکتر بوونەوە و لـەگەڵ پیاوە تـارمـایی ئامـێزە تەڵەتەقێنە پاشـەڵ پیسـەکـەدا کەوتنە ئاخافتن، تارمایی ئامێزەکە گوتی:

– دیارە گێرەشێوێنی..

– سەیری رابردووی خۆتکە..

– سیخوڕیت..

– سیخوڕیت بە شیرەوە خواردووە و ماری حەوت سەریت.

– لەیەکتری ناگەین و سیحری هاشووهووش دنیای ژێرەو زەبەر کردووە.

– وێنەکـەت زوو زوو دەگـۆڕێت و فـرە چەشنە.. لە هەمـوو سـەفەرێکتا گـەردەلوولێک بەرپا دەکەیت و قووشـقنە قەوەت هەڵدەتیزێنی و هەیدێت لێ دەکەن ڕۆژی گورچوو پڕ بوویت ڕۆژێکی تر دەمەداڵانێتە..؟!

زیاتر لە تارماییەکە چووە پێشەوە و پێی گوت:

– ئەوانەی بە گوێتا دران خەوێکی هەڵبزڕکاوی دوور وەڕبوون.